https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.253



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سیستمی پەروەردە و پەیوەندیی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەستی نەتەوایەتیی لە هەرێمی کوردستان؛ زانکۆی سۆران وەك نموونە


**کۆژان مستەفا ئەحمەد**
kma620h@soc.soran.edu.iq

**د. ئیبراهیم سادق مەلازادە**
Ibrahim.sadiq@soran.edu.iq

**بەشی کۆمەڵناسیی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان**



**پوختە:**
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە هەڵسەنگاندن و دەرخستنی رۆڵی سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. ئەو ئامانجەش لە پرۆسەی بیناکردنی نەتەوە و بەهێزکردنی ئینتیما و هەستی نیشتیمانیی لە ناو قوتابییاندا چڕبۆتەوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش، میتۆدی چەندایەتیی، ئامرازی پرسیارنامە و نموونەی پشک بەکارهاتووە. لەپاڵ ئەوەشدا، کۆمەڵگەی پێکهاتووە لە ٣٣١ قوتابی لە قۆناغی یەکەمی گشت بەشە زانستییەکانی زانکۆی سۆران. دوای دەستخستنی زانیارییەکان، لە رێگەی بەرنامەی (SPSS)ەوە، شیکردنەوە بۆ داتا و زانیارییەکان کراوە. یەکێك لەو ئەنجامانە بریتییە لەوەی، کە قوتابخانە وەک دەزگایەکی فەرمیی و بەشێک لە سیستمی پەروەردە، وەک پێویست رۆڵی خۆی لە بەخشینی زانیاریی سەبارەت بە مێژووی نەتەوەیی و بەها و نۆرمەکانی، نەگێڕاوە. دانەیەك لەو کەموکووڕییانە، ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە بەشداربووانی توێژینەوەکە، زانیاریی و شارەزاییان سەبارەت بە جەژنە نیشتیمانییەکان و رووداوە مێژووییەکان نییە. جیا لەوەش، ئەوەی لە ناو سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا ئەبیندرێت، بریتییە لە کۆمەڵێک دروشم و دەستوور، کە زیاتر بە شێوازێکی رواڵەتی، کاریان لەسەر ئەکرێت. بۆیە قوتابخانە رۆڵێکی زۆر کەمی لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتیی قوتابییان هەبووە. لەم بارەیەشەوە، زۆرینەی داتاکانی توێژینەوەکە ئەو راستییە ئەسەلمێنن، کە سیستمی پەروەردە بە شێوەیەکی رێژەیی، لە پرۆسەی بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتیی و ئینتیما و پرۆسەی نیشتیمانسازیی شکستی هێناوە. سەرباری ئەوەش، گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت، کە لەپاڵ سیستمی پەروەردەدا، بە دڵنیاییەوە دامەزراوەکانی تر بە تایبەت سیستمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان، لە بەرامبەر ئەم دۆخە بەرپرسیارن.



**کلییلە وشەکان: پەروەردە، سیستمی پەروەردە، هەستی نەتەوایەتیی.**

Recieved: 22/3/2023
Accepted: 10/4/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئینتیمای نیشتیمانیی، لە بۆتەی هەستی نەتەوایەتیی دا، کە خۆی لە ئاشناکردنی قوتابییان بە مێژوو و کولتووری نەتەوەیی و نیشتیمانیی، ناسینی سیمبۆڵەکان، زانینی بۆنە نیشتیمانییەکان، پێکەوەژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتییدا ئەبینێتەوە، بەشێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردە، بە تایبەت بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن. چونکە قوتابیی لەم قۆناغەدا، توانای فێربوون و گەیشتنی بە زانست لە بوارە جیاوازەکاندا زیاترە. لەو بارەیەشەوە، پێویستە حوکومەت سیاسەتێکی نیشتیمانیی و ستراتیژییەتێکی پەروەردەیی وردی هەبێت، لەپێناوی هەڵنانی نەوەیەکی زانستخواز و هۆشیار و پابەند بە نیشتیمان.

پاشەکشێی سیستمی پەروەردە لەم توێژینەوەیەدا پرسێکی بنەڕەتییە لە پەیوست بە چەمکی ئینتیمای نیشتیمانیی. بە پێی بەدواداچوونەکانی توێژەر، سیستمی پەروەردە لە بەرامبەر هەیەدێک پرسی نیشتیمانیی دا تا ئاستێکی زۆر رۆڵی خۆی لە دەست داوە، بە تایبەت سەبارەت بە خۆشەویستیی نیشتیمان و رێزگرتن لە بەها باڵاکانی. ئەمەش لەخۆیدا لاوازی ئینتیمای نەتەوایەتیی لە ناو هاوڵاتیان بە گشتیی و لای توێژی گەنجان بە تایبەتیی، پیشان ئەدات. هەر لەو پێودانگەشەوە، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەلێن و کەموکووڕییانەی کە بوون بە هۆی لاوازبوونی هەست و رۆحی نیشتیمانپەروەریی، یان ئینتیما بۆ نیشتیمان. ئەو کەموکووڕیانەش لە ئاکامدا ئەبن بە کۆسپی گەورە لە بەردەم بەهێزکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتیمانیی خەڵکی کوردستان. بۆیە گرنگیی بواری پەروەردە و خوێندن لەوەدا دەرئەکەوێت، ئاخۆ چۆن و تا چ ئەندازەیەک گرنگیی بەم هۆشیارییە دراوە. هەر ئەوەشە وای لە (ئەنتۆنی سمیس) کردووە ئەو هەستە بە ئەرکی دامەزراوەکانی حکومەت و کۆمەڵگە بزانێت و ئەرکی ئەوانە ئەو هەستە نەتەوەییە بخوڵقێنن، بۆ ئەوەی ئەم نەتەوەیە بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بەرگری لە سەربەخۆیی و سەروەری نیشتیمان و دەوڵەتی خۆی بکات (Smith, ٢٠١٠). بۆ ئەم مەبەستەش، توێژەر لە ژێر رۆشنایی ئەم تیۆرییەوە پێیوایە ئەرکی سیستەمی پەروەردەیە کە رۆڵێکی باش بگێڕێت لە پێگەیاندنی تاکێکی رۆشنبیر، زانستخواز و خەمخۆر بۆ نیشتیمان، بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەمەش بە دانانی میکانیزم و پرۆگرامی پەروەردەیی گونجاو لە پێناوی چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکان و گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی.

هەر لەم دووڕیانەشەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە، هەڵسەنگاندن و دەرخستنی رۆڵی سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە. ئەو ئامانجەش لە پرۆسەی بیناکردنی نەتەوە و بەهێزکردنی ئینتیما و هەستی نەتەوەیی لە ناو قوتابییاندا چڕ دەبێتەوە، بە تایبەتییش لە رووی چۆنیەتی بەڕێوەچوون و فۆرمگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی.

بۆیە توێژەر چەند گریمانەیەکی خستۆتە ڕوو کە بریتین لە:

بەشی زۆری قوتابییان لە قوتابخانەدا، تەنها بە شێوازێکی رووکاریی بەشداری لە چالاکی هەفتانەی هەڵکردنی ئاڵا و وتنەوەی سروودی ئەی رەقیب، بۆنە و جەژنە نیشتیمانییەکاندا ئەکەن.

یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازی ئینتیمای نەتەیی لە لایەن قوتابییان، کەمی زانیارییە سەبارەت بە رووداوە مێژوویەکان و جەژنە نیشتیمانییەکان.

## پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

.١,٢پەروەردە

کاتێک باس لە چەمکی پەروەدە ئەکرێت، ئەوا پێویستە ئاماژە بە جۆر و شێوازەکانی پەروەردەش بکرێت. لەبەرئەوەی فرەجۆری پەروەردە وایکردووە هەریەکێکیان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان هەبێت و خاڵی هاوبەشیان لە ناواندا هەبن. هەڵبەت، چەندین جۆری جیاواز لە پەروەردەدا هەیە، بەڵام لێرەدا تیشک خراوەتە سەر دوو لە باوترین شێوازەکانی پەروەردە؛ ئەوانیش بریتین لە پەروەردەی نا فەرمیی و پەروەردەی فەرمیی:

.٢,٢پەروەردەی نا فەرمیی (Informal Education):

کاتێک باس لە پەروەردە ئەکرێت، ئەوا پێویستە ئاماژە بە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکیش بکرێت، چونکە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاک، لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی پەروەردەییە. لە هەمانکاتدا پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیبوون دوو چەمکن، کە هەر یەکێکیان بە شێوازێکی تایبەت باس لە پرۆسەکانی گواستنەوەی زانین لە ناوان تاکەکان دەکەن. بە شێوەیەکی سەرەکی ‹پەروەردە› تیشک دەخاتە سەر بەرنامە پەروەردەییە جیاوازەکان لە ناو دامەزراوەکان، کە مەبەست لێی هەبوونی دەرفەتی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەیە. لە بەرامبەردا، ‹بەکۆمەڵایەتیبوون› ئاماژەیە بۆ ئەو ئەزموونە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییانەی، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوان نەوەکاندا هەیە. بە واتایەکی تر، پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیبوون وەک دوو پرۆسە ئاوێتەی یەکترن، بەڵام پەروەردە مانایەکی فراوانتری هەیە لە بەکۆمەڵایەتیکردن (Grundmann, ٢٠٢١). لەم ڕوانگەیەوە دەشێت بگوترێت، بەکۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەکە، کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە فێری زانست و نۆرم و بەها و شێوازی ڕەفتارەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ئەبن کە تیایدا ئەژین. بەو مانایەی، مرۆڤ لە بونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بۆ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی ئەگۆڕێت. جیا لەمەش، پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون لە خێزانەوە دەست پێ ئەکات و هاوچەشنە لەگەڵ پەروەردەی فەرمیی و پەروەدەی نا فەرمیی (برۆکسن کۆهین، ٢٠١٠).

بۆیە ئەم جۆرە پەروردەیە کە پەروەردەی نا فەرمییە، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی مرۆڤەوە دەست پێ ئەکات، وەک پرۆسەیەک بەدرێژایی تەمەن بەردەوام ئەبێت. تاکەکەس لێرەوە بە شێوازێکی هەڕەمەکی ڕائەهێنردێت و فێرئەبێت. هەروەها شێوازی بیرکردنەوەی شکڵ ئەگرێت. بێگومان ئەمەش بۆ چەندین کەناڵ و سەرچاوەی پەروەردەیی جیاواز ئەگەڕێتەوە. لەوانە، خێزان، قوتابخانە، هاوڕێ، پەرستگاکان، شەقام، سۆشیاڵ میدیا، حیزبە سیاسییەکان، تاد. بۆ نموونە، منداڵ لە خێزانەوە فێری چۆنییەتی هەڵسوکەوت ئەبێت. یان، لە ڕێگەی لاسایکردنەوە و چاولێکردن لە دەوروبەری خۆی، فێری چەندین شت ئەبێت، سەرئەنجام دووبارەیان ئەکاتەوە. بەشێوەیەکی بنچینەیی، هەرشتێک لە دەرەوەی پۆل، یان قوتابخانە بێت، ئەوا بە پەروەردەی نا فەرمیی ئەژمار ئەکرێت (Shala, ٢٠١٩: ١٢٠).

.٣,٢پەروەردەی فەرمیی (Formal Education):

هەرچی پەروەردەی فەرمییە، ئەویش ئەرکی پەروەردە و فێرکردنە، بەڵام بەشێوەیەکی مەبەستدارانە و

سیستەماتیک لە ناو دام و دەزگاکانی سیستمی پەروەردەی دەوڵەتدا. لەم سۆنگەیەشەوە، قوتابخانە وەک دەزگایەکی فەرمیی بە یەکەمین و کاریگەرترین میکانیزم دائەنرێت کە مرۆڤ لەوێوە زیاتر فێرئەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکات، لەوە تێبگات کە چی لە دەوروبەریدا ئەگوزەرێت. هەروەها گرنگیی ئەم جۆرە پەروەردەیە زیاتر لەوەدایە کە سەرجەم قوتابییان بە ستانداردێکی دیاریکراو رائەهێنرێن و فێرئەکرێن. بۆ وێنە، مامۆستایان لە رێگەی بەرنامە دارێژراوەکانی سیستمی پەروەردەوە، قوتابییان فێر ئەکەن و رائەهێنن، ئەمەش چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی بەهێزی ئەبێت لە درووستکردنی تاکێکی زانستخواز، داهێنەر، خاوەن فەرهەیەگ و بیروباوەڕ، تاد. (Shala, ٢٠١٩: ١٢٠).

لەم توێژینەوەیەدا، سەرنجی سەرەکیی لەسەر پەروەردەی فەرمییە لە ناویدا قوتابخانە وەکو یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی پرۆسەی بە شارستانییکردن، شان بە شانی هەموو ئەو سێکتەرانەی کە رۆڵی سەرەکیی و کارایان لە پرۆسەی نیشتیمانسازییدا هەیە، چونکە توێژەر پێیوایە ئەرکی سیستەمی پەروەردەیە رۆڵێکی پێشەنگ بگێرێت، لە پێگەیاندنی نەوەیەکی ئاست بەرز لە رووی زانست و زانیارییەوە، ئەمەش بە دارشتنی بەرنامە و پلانی تۆکمە لە پێناو پێشخستنی کۆمەڵگە، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاکەکان بە گشتیی، بە تایبەت لە مەسەلەی ئینتیمای نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتیمان.

٤,٢.چەمکی هەستی نەتەوایەتیی/ نیشتیمانپەروەریی (Nationalism):

چەمکی ناسیۆنالیزم بۆ یەکەمجار لە زمانی ئینگلیزییدا، لە ساڵی ١٨٣٦ لە رووی باوەڕی ئاینییەوە بەکارهاتووە، ئەو باوەڕەش بریتییبووە لەوەی کە نەتەوەکان هەڵبژێردراوی خودان، بەڵام دواتر چەمکی ناسیۆنالیزم مانا گەلێکی تری وەرگرت. گرنگترین ئەو مانایانەش ئەمانەن کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە (ئەنتۆنی دی سمیس، ٢٠٠٤: ١٤).

پرۆسەی پێکهێنان یان درووستکردنی نەتەوەیە؛

بەها یان هۆشیاری نەتەوەیی؛

زمان و سێمبۆلیزمی نەتەوە؛

بزوتنەوەیەکی سیاسیی یان کۆمەڵایەتیی لە بری نەتەوە؛

باوەڕ یان ئایدیۆلۆژی نەتەوە.

لە روانگەی (ئەنتۆنی سمیس)ەوە، پرۆسەی پێکهاتن یان درووستکردنی نەتەوە، زۆر گشتگیرە. لەبەرئەوەی هەڵگری کۆمەڵێک پرۆسەی تایبەترە. هەروەها ئەم پرۆسەیەش، لە زۆربەی بارەکاندا ئامانجی ناسیۆنالیزم دەپێکێت. بۆیە سمیس پێیوایە، لە رێگەی ماناکانی تروە، زیاتر دەتوانین لە چەمکی ناسیۆنالیزم تێبگەین و بکۆڵینەوە. دووەمیان کە هۆشیاریی نەتەوەییە، سمیس ئاماژە بەوە ئەکات، پێویستە بە وریاییەوە لە سیانەکەی تر جیا بکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەر پێنج ماناکە پەیوەندییەکی نزیکیان بە یەکترییەوە هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموویان لەیەک ئاستدا بن. بەو واتایەی گشتییان بە ئەندازەی یەکتر گرنگ نین، بەڵکو ئەشێت یەکێک لە یەکێکی تر گرنگتر بێت. ئەکرێ کەسێک بۆ وێنە، هۆشیاریەکی نەتەوەیی باشی

هەبێت، بەڵام خاوەنی سیمبۆڵیزم، بزوتنەوە یان ئایدۆلۆژی نەبێت کە نوێنەری نەتەوە بێت. لە لایەکی تروە، ئەشێ گرووپێک ڕادەیەکی بەرزی هۆشیاری نەتەوەیی هەبێت، لە کاتێکدا خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی ئاشکرا نەبێت. ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێت، کە هەموو ماناکان وەک زنجیرەیەک تەواوکەری یەکتریی نین، کە پێویست بێت لە کەسیک یان گرووپێکدا هەبێت. بەڵام لە کاتی پراکتیزەکردنی ئەم پێنج مانایە ئەکرێ هەیەدێکیان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بن. بەم هۆیەشەوە، سمیس بایەخیکی زیاتری بە سێ ماناکەی دوایی داوە، چونکە بە بۆچوونی ئەو، ئەم سیانە زیاتر مانا و مەبەستی ناسیۆنالیزمیان تێدا بەرجەستە ئەکرێ، کە بریتین لە زمان و سیمبۆڵیزم، بزوتنەوەی سیاسیی و ئایدۆلۆژی نەتەوە. مەبەست لە سیمبۆڵیزم واتە زمان، کولتوور و ئەدەب، تاد. هەروەها کاتێک باس لە بزوتنەوەی سۆسیۆسیاسیی ئەکات، ئەوا پێداگیریی لەسەر کولتوور و نوێنەرایەتیی ئەکات. لە هەمان کاتدا، ئایدۆلۆژیای نەتەوەخوازییش بە کولتوور ئەبەستێتەوە. مەبەستی سمیس لە ئایدۆلۆژیای نەتەوەخوازی بریتییە لە ڕووداوەن بە مێژوو، زمان، ئەدەب و گرنگییدان بە کولتوور بە تایبەتیی دراما، هۆنراوە، مۆسیقا، هەڵپەرکێ و گۆرانی فۆلکلۆری. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە، کە  بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوە ئەدەبییەکان، لێکۆڵینەوی مێژوو و ڤیستڤاڵی مۆسیقا و بایەخدان بە کولتوور، هەوڵی بڵاوکردنەوەی ناسیۆنالیزم ئەدەن، چونکە رایان وایە ئەمانە کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیی لە ناو خەڵکدا (هەمان سەرچاوە: ١٤-١٥-١٦).

لە فەرهەیەگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆردا هاتووە، ناسیۆنالیزم خواست و ویستی گرووپێکی دیاریکراوی مرۆییە کە خاوەن کولتوور و ڕەگەز و زمانێکی هاوبەشن، هەوڵی ئەوە ئەدەن کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت و پارێزگاری لە کولتووری نەتەوەکەیان بکەن (The Oxford English Dictionary, ٢٠٢٣).

بەو مانایەی، ناسیۆنالیزم جۆرە هەستێکی خۆشەویستییە کە تاک بۆ نەتەوەکەی هەیەتی. لەگەڵ ئەمەشدا، مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی ئەستەمە بتوانێت لە دەرەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتیی و کۆمەڵگە ژیان بەسەر بەرێت، چونکە تاکەکانی کۆمەڵگە هەمیشە پێویستیان بەیەکتر هەیە. هەروەها هەبوونی بنەما هاوبەشەکانی وەک زمان، کولتوور، خاک و مێژوو، تاد. جۆرێک لێکنزیکی و ئینتیمای هاوبەش لە ناو تاکەکان  دروست ئەکات (جەعفەر عەلی، ٢٠١٣: ١٣-١٤). یان لە دەربڕینێکی  تردا، ناسیۆنالیزم بریتییە لە وەفاداری، دڵسۆزیی و خۆتەرخانکردن بۆ نەتەوە یان نیشتیمان (عەتا قەرەداغی، ٢٠١٣: ٣).

## تیۆرینامە و پێداچوونەوە بە ئەدەبیات:

ئەم بەشە تایبەتە بەو تیۆریانەی کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە. ئەمەش وەک چوارچێوەیەك بۆ دارشتنی پرسیارەکان، شرۆڤەکردنی داتاکان و لێکدانەوەی دەرئەنجامەکان.

لە تەوەرەیەکی  تری توێژینەوەدا، پێداچوونەوەیەک بەو نووسین و توێژینەوانەدا کراوە کە پێشتر باسیان لەو بوارەدا کردووە، بۆ ئەمەش، بە پێی توانا هەموو ئەو توێژینەوانە خراونەتەڕوو کە توێژەر دەستی پێیان گەیشتووە.

١,٣.تیۆریی ئێتنۆسیمبۆڵیزم Ethno-symbolism Theory :

بە شێوەیەكی گشتیی، روانگە تیۆرییەكان سەبارەت بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم دابەش ئەبن بە سەر سێ دەستەی سەرەكیی، ئەوانیش بریتین لە مۆدێرنیزم كە زیاتر (گێلنەر) و (ئەندرسۆن) رێبەرێتیی ئەكەن، پریمۆردیالیزم واتە كۆنینەباوەڕەكان، بەناوبانگترینییان (واكر كانر)ە، دوای ئەویش ئێتنۆسەمبۆلیزمە كە بەناوبانگترینیان (ئەنتۆنی سمیس)ە (Smith, ٢٠١٠).

مۆدێرنیستەكان؛ ئەڵێن نەتەوە و ناسیۆنالیزم سازكراوی سەردەمی مۆدێرنەن. واتە بەر لە سەردەمی مۆدێرنە نە نەتەوە هەبووە و نە ناسیۆنالیزم.

سەبارەت بە پریمۆردیالیستەكان، بە پێچەوانەی مۆدێرنیستەكان، قوڵئەبن بەوە ناو كۆڵانەكانی مێژوو، هێندە دوور ئەڕۆن یەكێكی وەک ئابی سایس، پێیوایە «نەتەوە لەباوەشی سروشتدا لە دایک ئەبێت، چونكە تەنها لە شێوازە سروشتییەكەیاندا هەیە» (ئەنتۆنی دی سمیس، ٢٠٠٤: ٦٧)، بەو مانایەی بەر لە هەموو شتێک هەبوون و لە خواوە نزیكن. ئەمەیان (سمیس) ناوی ئەنێت «نەتەوەخوازیی ئۆرگانیك» (هەمان سەرچاوە).

دەستەی سێهەمیش كە بریتین لە ئێتنۆسەمبۆلیزمەكان، (ئەنتۆنی سمیس) بەناوبانگترین داهێنەری ئەو تێزەیە. بە باوەڕی سمیس ناسیۆنالیزم دیاردەیەكی مۆدێرنە، بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە ئەكات كە نەتەوەكان بنەچەی پێش مۆدێرنەیان هەیە (Smith, ٢٠١٠).

ئێتنۆسیمبۆڵیزم جیاواز لە پارادیمەكانی تر، سەبارەت بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم پشت ئەبەستێت بە شیكردنەوەی سۆسیۆلۆژی و مێژوویانە. لە هەمان كاتدا سەرنجی زیاتری لەسەر فاكتەرە خودییەكان (subjective)یەكانە لە پێكهێنانی نەتەوەكان، سیما و كاریگەریی ناسیۆنالیزم لە مانەوە و بەردەوامیی نەتەوەكان. بەو هۆیەوە هەوڵ ئەدات بچێتە ‹جیهانەكانی ناوەوەی› ئێتنیكی و ناسیۆنالیزم بۆ ئەوەی لێیان تێبگات. بۆ ئەم مەبەستەش گرنگییەكی زۆر بە لایەنە خودییەكانی وەک یادەوەریی، سیمبوڵ، ئەفسانە و هەموو ئەو بابەتانەی كە پەیوەستن بە مێژووەوە ئەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، نەتەوەكان و ناسیۆنالیزم تەنها بە مۆدێرنیتەوە گرێ نادات، بەڵكو بە شێوازێكی گەورەتر لەم مەسەلەیە ئەڕوانێت (Smith, ٢٠١٠: ٦١-٦٢).

بۆیە سمیس باوەڕی وایە نەتەوە بوونێكی كۆنە واتە بەر لە سەردەمی مۆدێرنەش نەتەوە هەر هەبووە، بەو مانایە نییە كە لە سەردەمی مۆدێرن بەرهەم هاتبێت. بەڵام جەخت ئەكاتەوە سەر ئەوەی كە خودی ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنەیە. ناسیۆنالیزم بە بڕوای سمیس لەسەر بنەمای ئەو ماكانەی كە كۆنن وەک زمان، مێژوو، كولتوور، ئەدەبیات، خواردەمەنی و سیمبۆلەكان ساز ئەكرێ (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

بە واتایەكی دی، ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەكە لەسەر ئەو كەرەستانەی كە كۆنن ئەو هەستە یەكگرتووە لە ناو خەڵكدا دەوروژێنێت. ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی كە دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو كارانەی كە چاوەڕوانی لێ ئەكرێت بەجێی بهێنێت. لێرەوە تێئەگەین كە هەڵوێستەكەی سمیس لە ناوەندی دەستەی یەكەم و دەستەی دووەم دایە، كە ئەوانیش مۆدێرنیستەكان و پریمۆردیالیستەكانن. بەو جۆرە، تیۆری ئێتنۆسەمبۆلیزمی ئەنتۆنی سمیس ئەكرێت ببێت بە چوارچێوەیەكی گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیەی كە بەدوای هێما و سیمبۆڵەكانی نەتەوەسازیدا ئەگەڕێت. كاتێک سمیس ئەڵێت «نەتەوە كۆنە بەڵام ناسیۆنالیزم مۆدێردنە». ئەو پێیوایە ئەركی دامەزراوەكانی حكومەت و كۆمەڵگەیە ئەو هەستە نەتەوەییە بخوڵقێنن، بۆ ئەوەی ئەم نەتەوەیە بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، دواجار بەرەو سەربەخۆی هەیەگاو بنێت و ببێت بە

دەوڵـەت.

بـەو جـۆرە، پەیوەندیـی ئـەم تیۆرییـە بـە توێژینەوەکـەوە گەڕانـە بـەدوای زانینـی ئـەوەی، ئایـە لـە نـاو سیسـتمی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتاندا کەڵـک لـە پێکهێنەرەکانـی هەسـتی نەتەوایەتیـی وەرگیـراوە؟ لەوانـەش زمانـی کوردیـی، جـل و بەرگـی کوردیـی، خواردنـی کوردیـی، مێـژووی کـورد، هونـەری کوردیـی و هەموو ئەو خەسـڵەتانەی کـە لـەو بـوارەدا گرنگـن. لـەو بارەیەشـەوە بەرنامەکانـی خوێنـدن ئـەوە نیشـان ئـەدات، ئاخـۆ مامۆسـتاکان ئـەو هەسـتە نەتەوەییـە لـە هەڵوێسـتەکانی خۆیانـدا دەرئەبـڕن؟ ئایـا باوەڕیـان بـەو خەسـڵەتانە هەیـە؟ ئایـە ئـەو قوتابییانـەی ئەچنـە قوتابخانـە و ئەگەنـە قۆناغـی زانکـۆ ئـەو هەسـتە نەتەوەیەیـان بـۆ درووسـت بـووە؟ بـۆ نموونـە، ڕێزگرتـن لـە بەهـا و نۆڕمـە کوردییـەکان، ڕێـز لـە زمـان، مێـژوو و هەمـوو ئـەو شـتانەی پەیوەندییـان بـە نەتـەوەی کـوردەوە هەیـە، بـە تایبەتییـش سـیمبۆڵەکانی نیشـتیمان. بـە پشتبەسـت بـەم تیـۆرە هەوڵـدراوە گەنگەشـەی هەمـوو ئـەو پرسـیارانە بکرێـن کـە چـۆن و تـا چ ڕادەییـەک لـە نـاو سیسـتمی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتاندا ڕەنگیـان داوەتـەوە.

۲،۳.تیۆریی کارکردباوەڕی پێکهاتەیی Structural Functionalism Theory:

کارکردبـاوەڕی پێکهاتەیـی (Structural Functionalism)۱ یەکێکـە لە گرنگترین تیـۆرە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان لـە کۆمەڵناسـییدا. ئـەم تیۆرییـە ئاوێتەیەکـە لـە دوو تیۆریـی کۆمەڵایەتیـی جیـاواز. کـە پێکهاتـووە لـە تیـۆری کارکردباوەڕیـی (Functionalism۲) و تیۆریـی پێکهاتەباوەڕیـی (Structuralism)۳ (تاهیـر حەسـۆ زێبـاری، ۲۰۱۷: ٤٣). دیارتریـن ئـەو بیرمەندانـەی کـە ڕۆڵێکـی باڵایـان لـە پـەرە پێدانـی کارکربـاوەڕی هەبـووە، بریتیـن لـە تالکـۆت پارسـۆنز، ڕۆبـەرت میرتـۆن (سـەعید شـەمس، ۲۰۱۹: ٦٦). هەروەهـا پێشـەنگەکانی پێکهاتەبـاوەڕی ئۆگسـت کۆنـت، ئەلیکسـەندەر گۆڵـدن وێـزەر، کلـۆد لیفـی شـتراوس و مارسـێل مـۆس دەگرێتـەوە (ئیحسـان محەممـەد حەسـەن، ۲۰۱۲).

لـە ڕوانگـەی پێکهاتەباوەڕییـەوە، چەمکـی کارکـرد بریتییـە لـە «کۆمەڵێـک چالاکـی یـان کـردەی کۆمەڵایەتیـی بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتی و نیازێکـی کۆمەڵایەتیـی» (سـەعید شـەمس، ۲۰۱۹: ٦٥-٦٦). بۆیـە کارکردبـاوەڕان پێیـان وایـە، سـەرجەمی بەشـەکانی کۆمەڵگـە پەیوەندییەکـی کارکردەییـان بەیەکـەوە هەیـە بـۆ دەسـتەبەرکردنی سـەقامگیریی کۆمەڵگـە (Lamm and Schaefer, ۱۹۹۸: ۱۸). لـە کاتێکـدا پێکهاتەبـاوەڕان شـیکردنەوە و لێکدانـەوە بـۆ دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان ئەکـەن تەنهـا لەسـەر بنەمـای پێکهاتـە، بـە دوور لـەو کاریگەییانـەی کـە بەشـەکانی کۆمەڵگـە لێـی ئەکەوێتـەوە (ئیحسـان محەممـەد حەسـەن، ۲۰۱۲: ٥٨). بـەڵام کارکربـاوەڕی پێکهاتەیـی تیشـک ئەخاتـە سـەر «کارکـرد لەسـەر سیسـتم و پێکهاتـە». واتـە ئـەو کردارانـەی کـە تەکاکـەن لـە کۆمەڵگـە ئەینوێنـن، پێویسـتە وەک سیسـتمێکی تـەواو یـان کۆمەڵـە سیسـتمێک ببیندرێـن. بـە مانایەکـی تـر، کارکربـاوەڕی پێکهاتەیـی کۆمەڵگـە وەک پێکهاتەیـەک وێنـا ئـەکا، کـە لـە کۆمەڵێـک بەشـی جیـاواز پێکهاتـووە، ئـەم بەشـانەش دامـەزراوەی سیاسـیی، کۆمەڵایەتیـی، پەروەدەیـی، ئابووریـی، کولتووریـی و تـاد، ئەگرێتـەوە. هەریـەک لـەم بەشـانەش خاوەنـی

۱. کارکردباوەڕی پێکهاتەیی/ بونیادی ئەرکگەرایی (Structural Functionalism).

۲. کارکردباوەڕیی/ ئەرکگەرایی (Functionalism).

۳. پێکهاتەباوەڕی/ بونیادگەرایی (Structuralism).

کارکردێکی تایبەتن، کە پەوەندییان بە بەشەکانی تر و کۆمەڵگەوە هەیە و یارمەتیدەرە بۆ سەقامگیریی و بەردەوامی کۆمەڵگە (سەعید شەمس، ٢٠١٩: ٦٦-٦٧).

بۆ نموونە توێژەر پێیوایە، سیستمی پەروەردە بەرپرسە لە ئینتیمای نەتەوەیی بۆ قوتابییان و وابەستە بە سیستمی کۆمەڵایەتیی و هتد.

٣,٣.پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو:

هەندێک توێژینەوەی ناوخۆیی هەیە کە بایەخیان بەم پرسە داوە. لەوانە د. چنار سعد عەبد الله (١) بە ناونیشانی (رۆڵ و کاریگەریی سیستمی پەروەردە لەسەر رەهەندەی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیی دا). لە ٢٠٠٩ کراوە و لە ٢٠١٠ وەک کتێب چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەو توێژینەوەیەدا، میتۆدەکانی مێژوویی، بەراوردکاریی، ئاماریی و شیکردنەوەیی، بەکارهاتوون. قەبارەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە ٥٠٠ کەس. نموونەی لێکۆڵینەوەکە، قوتابییانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەیین و تیایدا ئامرازەکانی چاوپێکەوتن و فۆرمی راپرسیی لەگەڵ تێبینی خودی توێژەر بەکار هاتوون.

لە توێژینەوەکەدا، جەخت لەسەر دەستگا پەروەردەییەکان، بە تایبەت قوتابخانە کراوەتەوە. تیایدا، «قوتابخانە وەک دەزگایەکی پەروەردەیی بە یەکێک لە گرنگترین کەناڵەکان دائەندرێت». لە هەمان کاتدا، «ئەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێزی هەبێت لە دروستکردنی تاکێکی خاوەن فەرهەیەگ، توانست و بیروباوەڕ.» بۆیە سەرنجی سەرەکیی زیاتر لەسەر ئەم دامەزراوانەیە، ئاخۆ تا چ رادەیەک کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی کوردیی هەیە؟ یان، سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە ژێر چ فەلسەفەیەکی تایبەت بەڕێوە ئەچێ؟ ئایا سیستمی پەروەردە، دوای دامەزراندنی حوکومەتی هەرێمی کوردستان، توانیویەتی خۆی لە ئایدیۆلۆژیای حوکومەتی عێراق بە رێبەرێتی حیزبی بەعس دابماڵێت؟ تا چ ئاستێك سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هاوکاربووە لە زیادکردنی مەعریفەی نەتەوەیی لای قوتابییان؟ قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن، چۆن رۆڵیان لە بەهێزکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی بینیووە؟ بەو جۆرە لە توێژینەوەکەدا، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دراوە.

لەکۆتاییدا توێژەر چەند ئەنجامێکی خستوونەتە ڕوو، لەوانەش: بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا نەیانتوانیووە رۆڵێکی گاریگەر بگێڕن لە گەشەپێکردنی زانیاریی نەتەوەیی. رێباز و پەروەردەی فەرمیی لە کوردستان، هاوکار نییە لە دروستکردنی هەستی نیشتیمانپەروەریی لای قوتابییانی کورد. هەروەها ئەم توێژینەوەیە پشتڕاستی کردۆتەوە کە تاکو ئەمڕۆ سیستمی پەروەردە و پرۆسەی پەروەردەکردن لە هەرێمی کوردستان بەبێ بوونی فەلسەفەیەکی دیاریکراو بەڕێوە ئەچێ. بە واتایەکی تر، ئامانجەکانی پەروەردە روون و ئاشکرا نین ئاخۆ ئەیەوێت چ جۆرە نەوەیەک پێشکەش بە کۆمەڵگە بکات. ئەوەی کە جێگای نیگەرانیە، لە توێژینەوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی ریشەیی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە بە بەراورد لەگەڵ سیستمی پەروەردەی پێشووی سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە عێراق، بێجگە لە هەندێک گۆڕانکاریی رواڵەتی. لە هەمانکاتدا، قوتابخانەکان رۆڵێکی کاریگەییان پیشان نەداوە لە بەهێزکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی. لەوانەش، بۆنە نەتەوەییەکان وەک پێویست لە قوتابخانەکاندا یاد ناکرێنەوە. قوتابی زانیارییەکی ئەوتۆی لەبارەیانەوە نییە، بۆ نموونە رووداوێکی

وەکـو تاوانـی شـاڵاوەکانی ئەنفـال، کـۆڕەو و تـاد.

هەروەهـا توێژینەوەیەکـی تـر لەلایـەن ئەحمـەد شـابانی (٢) بەنـاوی (فەلسـەفەی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان: لـە ناسـیۆنالیزمی نیـوە چڵـەوە بـەرەو گڵۆباڵیزمـی چاولێکەرانـە). لـە ٢٠٢١ لـە گۆڤـاری زانسـتی مرۆیـی بڵاوکراوەتـەوە.

لـە توێژینەوەکـەدا قسـەکراوە لەسـەر سیسـتمی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان، ئاخـۆ فەلسـەفەیەکی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، ئەگـەر هەیەتـی ئـەو فەلسـەفە کامەیـە؟ دواتریـش توێـژەر گریمانـەی ئـەوەی کـردووە، کـە پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان بـە پێـی فەلسـەفە و ڕێبـازی ناسیۆنالیسـتی هەیـەگاو دەنێـت. بـەڵام ئـەم ڕێبـازە لەبـەر هەیەدێـک هـۆکار بـە نیـوە چڵـی جێبەجـێ ئەکرێـت. جگـە لەمـەش، لاگرییـەک هەیـە بـۆ گڵۆباڵیـزم کـە ئەویـش هەڵگـری ڕەهەنـدی نەرێنـی خۆیەتـی. لـەڕووی میتۆدیشـەوە، پشـت بـە فەلسـەفەی شـیکاریی بەسـتراوە. لـە کۆتاییـدا توێـژەر چەنـد ئەنجامێکـی خسـتوونەتە ڕوو، لەوانـەش: سیسـتمی پـەروەردە لـە هەرێمـی کوردسـتان، خاوەنـی فەلسـەفەیەکی پـەروەردەی تایبـەت نییـە. بەڵکـو ئـەوەی دەبیندرێـت بریتییـە لـە کۆمەڵێـک درووشـم و دەسـتوور. لـە هەمانکاتـدا پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان، تێکەڵەیەکـە لە چەنـد ئایدیـا و مـەرام و ئایدیۆلۆژیای سیاسـیی وەک: ناسـیۆنالیزم، دیموکراسـی، ئیسـلامیزم، گڵۆباڵیـزم و نیـو لیبراڵیـزم. ئەمانـە بـەم شـێوازە دروشـماوییە، ناتوانـن فەلسـەفەییەکی تۆکمـە و دیاریکـراو بـۆ پـەروەردەی هەرێـم بەدەسـتەوە بـدەن.

## میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە:

میتـۆدی بەکارهاتـوو لـەم توێژینەوەیـەدا، بریتییـە لـە میتـۆدی چەندایەتیـی. توێـژەر لـە ڕێگـەی ئـەم میتـۆدەوە، توانیویەتـی بـگات بـە ئەنجامـی کۆتایـی.

لەپـاڵ ئەمـەدا، کۆمەڵگـەی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە زانکـۆی سـۆران. لەبەرئـەوەی پرۆسـەی کۆکردنـەوەی داتاکانـی توێژینەوەکـە، قوتابییانـی قۆناغـی یەکەمـی گشـت بەشـە زانسـتییەکانی زانکـۆی سـۆران ئەگرێتـەوە. هەروەهـا، هـۆکاری هەڵبژاردنـی کۆمەڵگـەی تویژینەوەکـە بـۆ ئـەوە ئەگەڕێتـەوە، توێـژەر پێیوایـە قوتابییانـی ئـەم قۆناغـە ئەتوانـن باشـتر وەڵامـی پرسـیارەکانی تایبـەت بـەم پرسـە بەنـەوە، چونکـە لەلایـەک قۆناغـی ئامادەیـان بڕیـوە و وشـیارن بـەوەی چیـان خوێنـدووە و پێڤـاژۆی پەروەردەیـان چـۆن بـووە. لەلایەکـی ترشـەوە، کـە قوتابـی دەگاتـە قۆناغـی زانکـۆ، لـە ڕووی وشـیارییەوە پێشـکەوتوو تـر ئەبـێ و زیاتـر هەسـت بـە بوونـی نەتـەوە و هەسـتی نەتەوایەتیـی دەکات. لـەو ڕووەشـەوە باشـتر ئەتوانێـت گوزارشـت لـە را و بۆچوونەکانـی بـکات.

سـەبارەت بـە جـۆری نموونەکـەش، کـە لـە توێژینەوەکـەدا بەکارهاتـووە، بریتییـە لـە نموونـەی پشـک (Quota Sampling). ئەمـەش جۆرێکـە لـە نموونـە نـا هەڕەمەکییـەکان. تایبەتمەنـدی سـەرەکی ئـەم نموونەیـە ئەوەیـە، توێـژەر ئەتوانێـت بـە شـێوەیەکی ئاسـان دەسـتی بـە نموونـەی دانیشـتووان ڕابـگات (Kumar, ٢٠١٤). هەروەهـا توێـژەر ئارەزوومەنـدە لـە هەڵبژاردنـی نموونەکانـی توێژینەوەکـەی لەسـەر بنەمای پشـک. واتە ئەتوانـێ کۆمەڵگەی توێژینەوەکـەی بەسـەر چەنـد بەشـێکدا دابـەش بـکات. جگـە لەمـەش، لـە پەیوەندیـی بـە چوارچێـوەی نموونەکـە، لیسـتی نـاو و شـوێنی جوگرافیایـی گرنـگ نییـە (Eldar, ٢٠٠٩). سـەبارەت بـە قەبـارەی نموونەکـەش، لیسـتی نـاوی

قوتابییانی قۆناغی یەکەمی گشت فاکەڵتییەکانی زانکۆی سۆران وەرگیراون، کە پێکهاتبوون لە ١٤٧١ قوتابی. دواتر بە بەکارهێنانی بەرنامەی Resoft، ٣٠٦ لێتوێژراو بۆ قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە پێویست بوو بەڵام توێژەر زیاتر لەو ژمارەیەی وەرگرتووە کە کۆی گشتیی لێتوێژراوان ئەگاتە ٣٣١ کەس.

هەروەها، بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی سەبارەت بە سیستەمی پەروەردە و پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەستی نەتەوایەتیی لە هەرێمی کوردستان، پشت بە ئامرازی پرسیارنامە یاخود راپرسیی (Survey)، بەستراوە. هەروەها سەبارەت بە ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بەستراوە بە رێژەی سەدیی (Percentage) و تاقیکردنەوەی کایی دووجا (Chi-Square Tests) و پرۆگرامی (SPSS)، بە مەبەستی لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە. هەروەها بۆ دۆزینەوەی جێگیری، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (Pearson Correlation Coefficient) بەکارهاتووە.

## بەشی کرداریی:

لە خوارەوە هەوڵدراوە بەشێک لەو خشتە بنەڕەتییانەی کە تەوەری سەرەکیی ئەو کێشەیەن بخرێنەڕوو. لە کۆی توێژینەوەکەدا، هەموو زانیارییەکی تایبەت بە لێتوێژراوان بەردەستە، بەڵام بۆ دوورکەوتنەوە لە درێژدادرِیی، بەباش زانرا، تەنها جەخت لەسەر خشتە بنەڕەتییەکان بکرێتەوە.

١/ ئاستی شانازیکردنی بەشداربووان بە نەتەوەکەیان:

| شانازیکردن بە نەتەوە | نموونە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەمیشە | 209 | %63.1 |
| زۆربەیجار | 45 | %13.6 |
| هەندێکجار | 40 | %12.1 |
| بەدەگمەن | 16 | %4.8 |
| هەرگیز | 21 | %6.3 |
| کۆی گشتیی | 331 | %100 |

خشتەی (١) خستنەڕووی ئاستی شانازیکردنی نموونەی توێژینەوەکە بە نەتەوەکەیان:

لەو خشتەیەدا، رێژەی شانازیکردن بە نەتەوە، ئەگەر هەندێکجار و بەدەگمەنیشی لێ دەربکەین، رێژەیەکی بەرزە کە بەیەکەوە دەگاتە (٧٦،٧٪). ئەم رێژەیە، رووبەڕووی ئەو پرسیارەمان دەکاتەوە کە دوو توێژەری وەک (ئیلەر) و (کۆهلان) لە کتێبی ‹نەتەوەخوازیی› ئاماژەیان بۆ کردووە، «ئەبێت بزانین بۆچیی ئەم هەموو خەڵکە ئەم هەستەی پرایمۆردیالییان لا درووستبووە و هەست بەو پابەندیانە ئەکەن؟» (سمیس، ٢٠٠٤: ٧٠) . وەڵامی ئەمەش ئەمانباتەوە لای سیستەمی پەروەردە، سیستەمی کۆمەڵایەتیی دەڤەری سۆران و ئەو بارودۆخەش کە کوردستان بە گشتیی پێدا تێپەڕ ئەبێت. وەڵامێک بۆ ئەم پابەندبوونە لە رووی تیۆرییەوە، کە لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی هەرێمی کوردستاندا بگونجێت، (ستیڤن گرۆسپ)ی ورووژاندوویەتی و پێیوایە «خەڵك هەستی پابەندبوونییان لەسەر بناخەی هەندێك باوەڕ هەڵئەچنن دەربارەی سرووشتی ژیان بەخشی ئەم کۆمەڵبوونانە و سیمای ژیان و درێژەپێدەری خزمایەتی و لە هەمووشییان گرنگتر خاك»

(سمیس، ٢٠٠٤: ٧٠-٧١). خاك یەكێكە لەو رەگەزانەی كە هەمیشە خەمی مرۆڤی كورد بووە، چونكە هەڕەشەی لەدەستدانی خاكی بە بەردەوامیر و ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لەسەر بووە.

لە بەرامبەردا، هیچ یەكێك لەو رەگەزانە نابن بە خەمی رێژەیەكی زۆری بەشداربووان. ئەگەر سەرنجی ئەوانە بەین كە وەڵامی هەرگیزییان هەڵبژاردووە و رێژەكەیان لەگەڵ ئەوانەش كە (هەندێك جار) و (بەدەگمەن) ئەگەر شانازی بە نەتەوەكەیانەوە بكەن، ئەگاتە (٢٣٪). ئەمەش كە نزیكەی یەک لەسەر چواری بەشداربووانە، لەخۆیدا رێژەیەكی كەم نییە و نە خاك و نە خزمایەتیی و كۆمەڵبوون و تاد، وایان لێناكات بچنە چوارچێوەی ئەو شانازییوونە بەشێوەیەكی بەردەوام.

بۆیە، ئەو لێتویژراوانەی وەڵامی (هەمیشە)یان هەڵبژاردووە رێژەكەی بریتییە لە (٦٣,١٪) و ئەوانەی وەڵامی (زۆربەی جار)یان هەڵبژاردووە رێژەكەی (١٣,٦٪). لە كاتێكدا بە رێژەی (١٢,١٪) ئەوانەن كە وەڵامی (هەندێكجار)یان هەڵبژاردووە. لە بەرامبەردا بە رێژەی (٦,٣٪) وەڵامی (هەرگیزیان)یان هەڵبژاردووە و رێژەی (٤,٨٪) وەڵامی (بەدەگمەن)یان هەڵبژاردووە. لێرەدا، بە زانینی ئەو رێژانە پرسیارە گرنگەكە لە سیستمی پەروەردە ئەوەیە، ئاخۆ ئەو یەک لەسەر چوارەی بەشداربووان بۆچیی نەكەوتوونەتە ژێر كاریگەریی سیستمی پەروەردە و شانازی بە نەتەوەكەیانەوە ناكەن؟ هەر بۆ دووپاتكردنەوەی ئەو رێژەیەش، بزانین ئاخۆ تا چەند ئاڵای كوردستان بە پیرۆز دەزانن؟

٢/ پیرۆزی ئاڵای كوردستان لە لایەن بەشداربووانەوە:

| پیرۆزی ئاڵا | نموونە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **بەڵێ** | 209 | %63.1 |
| **تا رادەیەک** | 76 | %23 |
| **نەخێر** | 46 | %13.9 |
| **كۆی گشتیی** | **331** | **%100** |

خشتەی (٢) خستنەڕووی هەڵوێستی لێتوێژراوان سەبارەت بە پیرۆزی ئاڵای كوردستان:

لەو خشتەیەدا گرنگە ئاماژە بەوە بكەین، كە رێژەی ئەوانەی ئاڵای كوردستانیان لا پیرۆزە، هەمان ئەو رێژەیە كە بەشێوەیەكی بەردەوام شانازیی بە نەتەوەكەیانەوە ئەكەن، رێژەی (٦٣,١٪)یە. خۆ ئەگەر ئەو رێژەیەی كە تا رادەیەک ئاڵای كوردستانیان لا پیرۆزە كە رێژەیان دەگاتە (٢٣٪)، رێژەیەكی كەم نییە و بەیەكەوە دەگاتە (٨٦,١٪). هێشتاش رێژەی ئەوانەی كە وەڵامی نەخێریان هەڵبژاردووە، واتە ئاڵای كوردستانیان لا پیرۆز نییە، رێژەی (١٣,٩٪) نموونەی توێژینەوەكە پێک ئەهێنن. ئەگەرچیی ئەو رێژەیە زۆرتریشە لە رێژەی ئەوانەی كە هەرگیز شانازیی بە نەتەوەكەیانەوە ناكەن، بەڵام پیرۆزیی ئاڵاش هەرگیز ناگاتە ئاستی گرنگیی نەتەوە وەكو پێكهاتەیەكی سیاسیی، مێژوویی، كۆمەڵایەتیی، ئەمەش مانای وایە كە هەندێك قوتابیی جیاوازیی ئەكەن لە ناوان نەتەوە و هەندێك لە سیمبۆڵەكان بە كۆمەڵێک هۆكارەوە. بۆیە، پرسیارەكەمان بە داخراوی نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی بەپیرۆز زانین، یاخود بە پیرۆز نەزانینمان دەست بكەوێت، بەو جۆرەی لە خشتەی ژمارە (٣) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٣) هۆکارەکانی بە پیرۆز زانینی ئاڵای کوردستان لە لایەن بەشێک لە بەشداربووان:

| هۆکاری بە پیرۆز زانینی ئاڵای کوردستان | نموونە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لە پەرلەمای کوردستان، کە نوێنەری هەموو گروپەکانی کوردستانی تێدان، بە قانونی کراوە بە ئاڵای هەرێمی کوردستان | 53 | %25.3 |
| دەیان هەزار کەس لەژێر سێبەری ئەو ئاڵایەدا گیانی خۆیان لەپێناو ئازادی بەخشیووە | 134 | %64 |
| ئاڵای تەواوی نیشتیمانەکەمە بە هەموو گروپە جیاوازەکانەوە | 6 | %2.8 |
| چونکە ئاڵای کۆماری کوردستانە | 16 | %7.6 |
| **کۆی گشتیی** | **209** | **%100** |

لە خشتەی ژمارە (٣)دا، تەنها ڕێژەی ئەو قوتابییانە خراوەتەڕوو کە بە بەڵێ وەڵامییان داوەتەوە و هۆکاری بەپیرۆز زانینی ئاڵاکەیان روون کردۆتەوە، ئەو ڕێژەیە ئەگاتە (٦٣,١٪) وەک ئەوەی لە خشتەی (٢)دا دیاریکراوە. ئەوەش بە چاوپۆشین لەو ڕێژەیەی کە خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە ئاخۆ ئەو ئاڵایەیان بەلاوە پیرۆزە یان نا، بۆیە تاراددەیەکییان هەڵبژاردووە و ڕێژەکە دەگاتە (٢٣٪)ی کۆی بەشداربووان.

لێرەدا، لەو خشتەیەی ژمارە (٣) کە هۆکارەکانی بە پیرۆز زانین دیاریکراوە، ئەوانەی لەسەر بنەمای شەرعییەتی شۆڕشگێڕییەوە بیر ئەکەنەوە، رژەیان ئەگاتە (٦٤٪) کە زۆرینەی بەشداربووان پێک ئەهێنن و پێیانوایە، دەیان هەزار کەس لە ژێر سێبەری ئەو ئاڵایەدا گیانی خۆیان لە پێناو ئازادیی بەخشیووە. بەڵام بەشێکی تر زیاتر لەسەر بنەمای لۆجیک بیر ئەکەنەوە، ئەوانیش (٢٥,٣٪)ی ئەو بەشداربووانەن کە بە (بەڵێ) وەڵامییان داوەتەوە، ئەو ڕێژەیەن کە پێیانوایە لە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری هەموو گرووپەکانی کوردستانی تێدان، ئەو ئاڵایە بە یاسایی کراوە بە ئاڵای هەرێمی کوردستان، واتە لایەنێکی یاسایی هەیە، بۆیە بە پیرۆزی ئەزانن. لایەنی سێیەم کە جێگای لەسەر وەستانە، ئەوانیش ئەو بەشداربووانەن کە جۆرێك لە ڕێز و خۆشەویستییان بۆ سیمبۆلە مێژوویەکانی خۆیان هەیە، وەکو کۆماری کوردستان بە نموونە، لەو روانگەیەوە سەرنجی ئەو ئاڵایە ئەکەن و ڕێژەیان ئەگاتە (٧,٦٪). بەڵام ئەم بۆچوونە کۆکبوونێکی نیشتیمانیی لە ناوان هێز و گروپە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر نییە و تەنها لایەنێکی سۆزدارییە و هیچی تر. لە کاتێکدا، ڕێژەی کۆتایی زیاتر ئەوانەن کە پان نەتەوەییانە بیر ئەکەنەوە، پێیانوایە ئەوەیان ئاڵای تەواوی نیشتیمانەکەیانە بە هەموو گرووپە جیاوازەکانەوە و ڕێژەیان زۆر کەمە و ئەگاتە (٢,٨٪). ئەم جیاوازییە لە تەماشاکردن بۆ ئاڵا، ئەتوانین بە کێشەیەکی بونیادی تەماشا بکەین، چونکە هێشتا گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو نییە بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونەکان لە بەرامبەر سیمبۆلەکان یەکبخات. ئەم جیاوازییە، زیاتر لە خشتەی ژمارە (٤)دا خۆی بەیان ئەکات، سەبارەت بەوانەی کە ئاڵایەکە هەر بە پیرۆز نازانن.

خشتەی ژمارە (٤) هۆکاری بە پیرۆز دانەنانی ئاڵای کوردستان لە لایەن بەشێک لە بەشداربووان:

| هۆکاری بە پیرۆز دانەنانی ئاڵای کوردستان | نموونە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەست ئەکەم ئەو ئاڵایە نوێنەرایەتی من ناکات بەهیچ جۆرێك | 5 | %10.8 |
| گوزارشت لە هەموو گروپە نەتەوەییەکانی کوردستان ناکات | 11 | %23.9 |
| لە هەرێمەکەمان هەست بە نادادپەروەری دەکەم | 4 | %8.6 |
| لای من تەنها دین پیرۆزە | 26 | %56 |
| **کۆی گشتیی** | **46** | **%100** |

ئەم ناکۆکییەی کە لەو خشتەیەدا دەبیندرێت، ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەشداربووان کە دەگاتە ڕێژەی (١٣,٩٪) لە کۆی ٣٣١ لێتوێژراو، بە کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە دڕدۆنگن بەرامبەر ئاڵای وڵاتەکەیان. لەو خشتەیەدا، ئەو بەشداربووانەی وەڵامی (نەخێر)یان هەڵبژاردووە و پێیانوایە تەنها دین پیرۆزە، بەرزترین

ڕێژە (٥٦٪) لە خشتەکەدا پێک ئەهێنێت. لە کاتێکدا، ڕێژەی (٢٣,٩٪) پێیانوایە گوزارشت لە هەموو گرووپە جیاوازەکانی کوردستان ناکات. کەواتە کەموکوورییەکە ئەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری تر، لەوانەش یان ئەوەتا ئەو ڕێژە زۆرە باوەڕیان بەو پەرلەمانە نییە کە لە ڕێی نوێنەرەکانییانەوە، شەرعییەت بەو سیمبۆلە دراوە، یا ئەو ڕێژە زۆرە نوێنەریان لە پەرلەماندا نییە، یا ئەوەتا کەموکورییەک لە سیستمی پەروەردەدا هەیە و شکستی هێناوە، لەوەی گوتارێکی یەکگرتوو بۆ تێگەیشتن لەو پرسانە دروست بکات. هەروەها بەشێکی تر لە بەشداربووان کە ڕێژەیان ئەگاتە (١٠,٨٪) ئەوانەن بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە، هەست ئەکەن ئاڵای کوردستان نوێنەرایەتی ئەوان ناکات بە هیچ جۆرێک. ئەمەش هەستێکی ناخۆش بۆ توێژەر درووست دەکات، لەبەرئەوەی ئەگەر جیاوازی سیاسیی بێت، جێگای پرسیارە، چونکە تەواوی گرووپە سیاسییەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە و دەنگییان لەسەر داوە.

لەپاڵ هەموو ئەوانەدا ڕێژەیەکی تر هەیە کە دەگاتە (٨,٦٪)ی هەموو ئەو بەشداربووانە کە بە نەخێر وەڵامییان داوەتەوە، هەست بە نادادپەروەری دەکەن لە هەرێمەکەیاندا. ئەمەش لایەنێکی تریە، کە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردن و بەدواداچوونە، ئاخۆ ئەو ڕێژە زۆرە بۆ هەست بە نادادپەروەری دەکەن. ئەوەی کە لە هەمووی جێگای لەسەر وەستانە ئەو ڕێژە زۆرەیە کە پێداگری لەسەر پیرۆزی ئایین دەکەن. ئەم زۆرینەیە لەخۆیدا جێگای لەسەر وەستانە، چونکە پرسیار ئەوەیە ئایا ئایین ڕێگری لە بەپیرۆز هەژمارکردنی ئاڵا دەکات، بەمانای ڕێزلێگرتنی، یاخود ڕوانگەیەکی سیاسییە و پەیوەندی بە ئاییندارییەوە نییە، یاخود بە هەڵە لە چەمکی پیرۆزیی تێگەیشتوون؟ چونکە زۆرینەی بەشداربووەکانی ترش کە ڕێز لە ئاڵا دەگرن مانای وانییە ڕێز لە ئایینەکەیان ناگرن و پابەندی ئەرکەکانی نابن. لێرەدا مەترسی زیاتر لە ڕوانگە ئایدیۆلۆژیاکەی ئەو ڕێزگرتنە دایە بۆ ئایین، کە لە خۆیدا جۆرێکە لە مەترسی لەسەر ئایندەی دیموکراسیی لە هەرێمی کوردستان و جۆرێکیشە لە شکستی سیستمی پەروەردە لە دروست نەکردنی گوتارێکی نیشتیمانیی لای هەموو قوتابییان.

ئەو مشتومڕەی بە پیرۆز زانین و نەزانین، زیاتر لە خشتەی ژمارە (٥)دا، لە هەڵوێستی قوتابییاندا لە ڕووی پراکتیکەوە، ڕەنگ ئەداتەوە، چونکە لێرەدا ئەو ڕێژەیە کە (٢٣٪)ی بەشداربوانن لە خشتەی ژمارە (٢)دا ڕوونکراوەتەوە، خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە و تاڕاددەیەک لایان پیرۆزە و هۆکارەکانی ئەو ئاستە لە بەپیرۆز زانین و نەزانین، بە نادیاری ماوەتەوە.

٥/ هەڵوێستی بەشداربووان سەبارەت بە چالاکی هەفتانەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و گوتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب لە سەردەمی قوتابیبوونییان لە قوتابخانەکانیاندا:

| هەڵوێستی بەشداربووان | نموونە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر هەستم بە شانازیی دەکرد | 175 | %52.8 |
| هەیەدێك بەلامەوە گرنگ بوو | 48 | %14.5 |
| لام شتێکی ئاسایی بوو و زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو | 37 | %11.2 |
| هەستم بە بێزاری دەکرد و بە ناچاری بەشداریم دەکرد | 34 | %10.3 |
| لە بنەڕەتدا نەمدەزانی بۆ بەشداری دەکەم | 12 | %3.6 |
| بیرم نەماوە | 25 | %7.6 |
| **کۆی گشتیی** | **331** | **%100** |

خشتەی (٥) پیشاندانی هەڵوێستی نموونەی توێژینەوەکەمان سەبارەت بە چالاکی هەفتانەی هەڵکردنی

ئـاڵای کوردسـتان و ووتنـەوەی سرووودی ئـەی رەقیـب، لەلایـەن قوتابییـان لـە سـەردەمی قوتابخانـەدا:
ئـەم ئەنجامانـەش هـەر نزیکـن لـە رێـژەی خشـەتەی پێشـوو، بـەوەی کـە کەمێك کەمـتر لـە نیـوەی بەشـداربووان بـەوەی چـۆن ئاڵایـان بـە پیـرۆز داناوە کـە رێژەکەیـان ((٦٣,١٪ بـوو، بـەو جـۆرە لـە کاتـی ئەنجامدانـی چالاکیـی هەفتانـەی ئـاڵای کوردسـتان و گوتنـەوەی سردووی ئـەی رەقیـب لـە قوتابخانـەدا هەسـتیان بـە شـانازیی کـردووە.
لـەو رێـژەی سـەرەوە بـەدەر کـە کەمێـک زیاتـرن لـە نیـوەی بەشـداربووان، نیوەکـەی تـر، کێشـەی تـێ ئەکەوێـت. بـۆ نموونـە، بـە رێـژەی (١٤,٥٪)ی بەشـداربووان هەیەدێـک بەلایانـەوە گرنـگ بـووە، بـەڵام کـە ئەڵێـن هەندێـك، واتـە متمانەیەکـی تەواویـان بـە قسـەی خۆیـان نییـە و ئەکرێـت بچنـە چوارچێـوەی ئەوانەی کـە لە خشـتەی ژمارە (٢) ئاماژەیـان پێکـراوە و رێژەیـان دەگاتـە ١٣,٩٪))ی کـۆی بەشـداربووان. ئینجـا بـە رێـژەی (١١,٢٪) ئەنجامدانـی چالاکیـی هەڵکردنـی ئـاڵا و وتنـەوەی سرووودی ئـەی ڕەقیـب بەلایانـەوە گرنـگ نەبـووە، هەرچەنـدە بـە ئاسـایی یـا بـە شـتێکی رۆتینـی وەریـان گرتـووە. لـەوەش خراپـتر بـە رێـژەی (١٠,٣٪)ی کـۆی بەشـداربووان هەسـتیان بـە بێـزاری و ناچاریـی کـردووە لـەو رێـکارە دا. هەروەهـا بـە رێـژەی (٧,٦٪) لـە نموونـەی توێژینەوەکـە بیریـان نەمـاوە کـە هەسـتیان چـۆن بـووە. ئـەوە چ لـەوەی کـە ڕێـژەی (٣,٦٪) تەنانـەت هـۆکاری بەشـدارییکردنیان لـە چالاکییەکـی لـەم جـۆرەدا نەزانیـووە.
ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە لـەم خشـتەیەدا ئەوەیـە کـە راسـتە هەفتانـە چالاکیـی هەڵکردنـی ئـاڵا و وتنـەوەی سردووی ئـەی رەقیـب لـە قوتابخانەکانـدا کـراوە، بـەڵام ئەمـە تەنهـا بەشـێوازێکی رووکەشـی بـووە. لـە دەربڕینێکی تـردا، مانـا و ناوەڕۆکـی ئـاڵا و سرووودی ئـەی رەقیـب بـە شـێوازێکی روون و کاریگـەر بـۆ قوتابییـان بـاس نەکـراوە، یاخـود فێـر نەکـراون، وەک زانیارییەکانـی خشـتەکە ئامـاژەی پێدەکـەن، بەشـێک لـە نموونـەی توێژینەوەکـە چالاکییەکـی لـەم جۆرەیـان لا گرنـگ نەبـووە، هەسـتیان بـە بێـزاری کـردووە و بـە ناچـاری بەشـدارییان کـردووە. یـان تەنانـەت هەندێکیـان هـەر بیریـان نەمـاوە. ئەمـەش نموونەیەکـی تریـە لەسـەر شکسـتی سیسـتمی پـەروەردە و دەرخسـتنی ئـەو لایەنـە ئایدیۆلۆژییـە، کـە کاریگەریـی لەسـەر ئاڕاسـتەی نیشـتیمان یەکجـار زۆرە و مەترسـی لەسـەر ئینتیـمای نەتەوەیـی هەیـە.

٦/ خستنە ڕووی گرنگییدان بە بۆنە و پرسە نەتەوەییەکان لە لایەن تیم و بەڕێوەبەری قوتابخانە:

| گرنگییدان بە بۆنە و پرسە نەتەوەییەکان | نموونە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **بەڵێ** | 194 | %58.8 |
| **تا ڕادەیەک** | 107 | %32.3 |
| **نەخێر** | 25 | %7.6 |
| **نازانم** | 5 | %1.51 |
| **کۆی گشتیی** | **331** | **%100** |

خشـتەی (٦) هەڵوێسـتی بەشـداربووان پیشـان ئـەدات سـەبارەت بـە رادەی گرنگییدانـی تیـم و بەڕێوەبـەری قوتابخانـە بـە بۆنـە و پرسـە نەتەوەییـەکان:
وەک لـە خشـتەی سـەرەوەدا دەرکەوتـووە، رێژەیەکـی بەرچـاو لـە نموونـەی توێژینەوەکەمـان (٥٨,٨٪) پێیـان وایـە تیـم و بەڕێوەبـەری قوتابخانـە گرنگییەکـی زۆریـان بـە بۆنـە و پرسـە نەتەوەییـەکان ئـەدا لـە قوتابخانـە. هـاوکات

بـە رێـژەی (٣٢،٣٪) لـە لێتوێـژراوان باوەڕییـان وایـە تیـم و بەڕێوەبـەری قوتابخانـە تـا رادەیـەک گرنگییـان بـە بۆنـە و پرسـە نەتەوەییـەکان ئـەدا. لـە بەرامبـەردا رێـژەی (٧،٦٪) بۆچوونیـان وایـە کـە تیـم و بەڕێوەبـەری قوتابخانـە گرنگییـان بـە بۆنـە و پرسـە نەتەوەییـەکان نـەدەدا و بـە رێژەیەکـی کـەم (١،٥١٪) وەڵامـی (نازانم)یـان هەڵبـژاردووە.

٧/ هەستی نموونەی توێژینەوەکەمان سەبارەت بە یادکردنەوەی جەژنە نیشتیمانییەکان لە قوتابخانەدا:

| هەستی بەشداربووان | نموونە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەستم بە دڵخۆشی دەکرد، چونکە وانەمان نەدەخوێند | 106 | %32.1 |
| هەستی نەتەوایەتیم بەرزتر دەبوو | 118 | %35.6 |
| لە ڕووی مێژووییەوە زیاترم لەسەر دەخوێندەوە و فێری دەبووم | 29 | %8.8 |
| لام گرنگ نەبوو | 46 | %13.9 |
| هیچیان | 32 | %9.6 |
| کۆی گشتیی | 331 | %100 |

خشـتەی (٧) هەسـتی بەشـداربووان سـەبارەت بـە یادکردنـەوەی جەژنـە نیشـتیمانییەکانی کوردسـتان لـە قوتابخانـەدا:

لـەو خشـتەیەدا، لـە بـەردەم هەندێـك ئەنجامـی ورد دایـن، کـە کێشـەن بـۆ هەڵسـەنگاندنی بەرنامـەی خوێندنـی قوتابخانـە و ڕۆڵـی تیمـی وانەبێـژ لـە دروسـتکردنی وتارێکـی نیشـتیمانیی لـە لایـەن قوتابییـان. لێـرەدا زۆرتریـن رێـژەی (٣٥،٦٪) ئـەو بەشـداربووان کـە باوەڕیـان وایـە، یادکردنـەوەی جەژنـە نیشـتیمانییەکان لـە قوتابخانـەدا هـۆکار بـووە بـۆ بەرزبوونـەوەی هەسـتی نەتەوایەتییـان. لـە کاتێکـدا ئەگـەر بـە وردی سـەرنج بدەیـن، ئـەو رێژەیـە زۆر لـە خوارتـرە بـە بـەراورد بـە رێـژەی شـانازیکردن بـە ئـاڵای کوردسـتان کـە دەگاتـە (٦٣،١٪). خـۆ ئەگـەر رێـژەی (٨،٨٪)یشـی لەگـەڵ کۆبکەینـەوە کـە لـە ڕووی مێژووییـەوە زانیاریـی زیاتریـان وەردەگـرت و وای دابنێیـن کـە ئەوانیـش هەسـتی نەتەوایەتییـان بەرزبۆتـەوە، ئەوجـا دەگاتـە (٤٤،٢٪). لـە بەرامبـەردا، رێـژەی (٣٢،١٪) بەشـداربووان هەسـت بـە دڵخۆشـی دەکـەن لـە کاتـی یادکردنـەوەی جەژنـە نیشـتیمانییەکان، بـەڵام نـەك لەبەرئـەوەی خۆشـییان لـەو بۆنـە نیشـتیمانییانە دێـت، بەڵکـو بـە هـۆکاری ئـەوەی کـە وانەیـان نەدەخوێنـد. ئەمـەش مانـای وایـە ڕەنگـە خـودی وانـە نەخوێنـدن جۆرێـک بێـت لـە دڵخۆشـی قوتابییـان و لـە وانـە خوێندنـدا بـێ تاقـەت دەبـن.

ئینجـا لەپـاڵ رێـژەی ئەوانـەش کـە هەسـتیان بـە دڵخۆشـی دەکـرد، رێژەیەکیـش لـەو بەشـداربووانە نـە لایـان گرنـگ بـووە، نـە بەدواداچوونیشـیان بـۆ کـردووە و وەڵامـی هچییـان هەڵبـژاردووە، کـە رێژەکەیـان بەیەکـەوە دەگاتـە (٢٣،٥٪)، کـە هەمـووی بـە یەکـەوە دەگاتـە (٥٥٪). ئەمـەش دەرخـەری ئەوەیـە کـە سیسـتمی خوێنـدن لـە بـەردەم کێشـەی گـەورە دایـە لـە ڕووی نیشتیمانسـازییی و لاوازی ئینتیـمای نەتەوەیـی لـە نـاو قوتابییـان.

٨/ زانیاریی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە جەژنە نیشتیمانیيایەکان:

لـەم بڕگەیـەدا، پشتبەسـتراوە بـە پرسـیاری نیمچـە کـراوە، بـە مەبەسـتی دڵنیابوونـەوەی توێـژەر لـە دروسـتی و نـا

دروستی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە، بەم جۆرەی خوارەوە:

خشتەی (٨)

| زانیاریی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە جەژنە نیشتیمانییەکان | شارەزایی هەیە | ڕێژەی سەدی | شارەزایی نییە | ڕێژەی سەدی | نموونە |
|---|---|---|---|---|---|
| نەورۆز، جەژنی سەری ساڵی کوردی | 122 | %33.2 | 209 | %63.1 | ٣٣١ |
| جەژنی سەری ساڵی کۆچی | 42 | %12.6 | 289 | %87.3 | 331 |
| جەژنی سەری ساڵی زاینی | 28 | %8.4 | 303 | %91.6 | ٣٣١ |
| چوارشەممەی سوور، جەژنی سەری ساڵی کوردی ئێزیدیی | 16 | %4.6 | 315 | %95.1 | ٣٣١ |
| جەژنی قەوڵتاسی کوردی یارسان (کاکەیی) | 3 | %0.9 | 328 | %99.09 | ٣٣١ |

خشتەی (٨) ڕوونکردنەوەی زانیاریی بەشداربووان سەبارەت بە جەژنە نیشتیمانییەکان:

لەو خشتەیەدا بڕی ئەو شارەزایی و زانیارییانەی کە قوتابییەك سەبارەت بە جەژن و پشووە نیشتیمانییەکان، بەدەستی هێناوە، لە کاروانی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیی و ئامادەیی، تا دەگاتە قۆناغی یەکەمی زانکۆ، خراوەتەڕوو. یەکەم جەژن، وەکو لە خشتەکەدا دیارە، نەورۆزە، بە ڕێژەی (٣٣,٢٪)ی بەشداربووان شارەزاییان لە جەژنی نەورۆزدا هەیە. لە بەرامبەردا، بە ڕێژەی (٦٣,١٪) شارەزایی نییە، کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە لەوانەی کە شارەزاییان نییە. نەورۆز ساڵانە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرفراوان یادی ئەکرێتەوە، زانیاریی دروست نەك هەر لە کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندندا بەردەستە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و میدیاش بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕووپۆشی دەکات. ئەم ڕێژەیە لە نەبوونی زانیاریی، کێشەیەکی بونیادییە لە پرۆسەی خوێندن و سیستمی خوێندندا.

خۆ ئەگەر شارەزایی خوێندکاران لە جەژنی نەورۆزدا بگاتە ئەو ئاستە نزمە، لە جەژن و بۆنەکانی تر، توشی سەرسووڕمان نابین. بۆ نموونە لە بۆنەی سەری ساڵی کۆچیی، ڕاستە زۆر بەربڵاو نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پەروەردەی ئایینیی ئەخوێندرێت، ساڵانە ئاهەیەگی میللی گەورە لە زۆربەی شارەکان بەڕێوە ئەچێت و لە مزگەوتەکان ساڵانە و بەردەوام باس ئەکرێت، بەڵام ئەبینین، ڕێژەی شارەزایی بەشداربووان لە سەری ساڵی کۆچیی، تەنها ئەگاتە (١٢,٦٪)، بەڵام ئەوانەی شارەزاییان نییە ڕێژەکەی هەڵدەکشێ بۆ (٨٧,٣٪).

ئینجا سەری ساڵی زاینی، هەرچەندە زیاتر تایبەتە بە لەدایکبوونی مەسیح و کریستییانەکان لە کوردستان و جیهان بە شێوەیەکی بەربڵاو یادی ئەکەنەوە، ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامییش یادی ئەکرێتەوە و بە گشتیی پێڕەوی لەو ساڵنامەیە ئەکرێت، کەچی ڕێژەی شارەزایی لەو بۆنەیە دائەبەزێت بۆ تەنها (٨,٤٪)ی بەشداربووان. ئەوانەش کە شارەزاییان نییە، هەڵئەکشێت بۆ ڕێژەی (٩١,٦٪).

چونکە شارەزایی بەشداربووان لە سێ بۆنە نیشتیمانییەکەی سەرەوەدا، کە زۆر بەربڵاون بە شێوەیەکی دراماتیکی دائەبەزێت، لەو دوو بۆنەیەکی خوارەوەدا توشی سەرسووڕمان نابین، چونکە بۆنەکان، سنووردارن و تایبەتن بە بەشێکی دیاری ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بە کورد ئەزانن و ئایینەکەیان جیاوازە، وەکو ئێزیدیی و یارسانیی. بۆ نموونە چوارشەممەی سوور، کە جەژنی سەری ساڵی کوردی ئێزیدیی، ڕێژەی شارەزایی دائەبەزێت بۆ (٤,٦٪) و ڕێژەی نەبوونی شارەزایی هەڵئەکشێت بۆ (٩٥,١٪). ئەو ڕێژەی شارەزاییە

دەربـارەی جەژنـی قەوڵتاسـی کـوردی یارسـان (کاکەیـی)، زیاتریـش دادەبەزێـت بـۆ (٠،٩٪)، بـەڵام ڕێـژەی نەبوونـی شـارەزایی هەڵدەکشـێت بـۆ ڕێـژەی (٩٩،٠٩٪). لـەو ڕێـژە کەمـەی شـارەزایی قوتابییـان تـا قۆناغـی یەکـی زانکـۆدا، تێدەگەیـن کـە نامۆبوونێکـی تـەواو لـە نـاو موسـوڵمانانی کـورددا هەیـە بەرامبـەر پێڕەوانـی ئاینەکانـی تـری کوردسـتان. پرسـیارە گرنگەکـە ئەوەیـە، لـەو خشـتەیەدا ئەکەوینـە دووڕییانـی دوو ئەگـەر، یـان ئەوەتـا کێشـەیەکی بنەڕەتـی هەیـە لـە سیسـتمی خوێندنـدا کـە نەیتوانیـوە وەک پێویسـت زانیاریـی تایبـەت بـە جەژنـە بگەیەنێتـە قوتابییـان کـە ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ لاوازی هەسـتی نەتەوایەتیـی قوتابییـان، یـا کێشـەیەکی تـر هەیە و پێویسـتی بـە لێکۆڵینـەوە هەیـە.

٩/ زانیاریی تایبەت بەو تاوانانەی دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجام دراون:

| زانیاریی نموونەی لێکۆڵینەوەکە سەبارەت بەو تاوانانەی دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجام دراون | زانیاریی هەیە | ڕێژەی سەدی | زانیاریی نییە | ڕێژەی سەدی | نموونە |
|---|---|---|---|---|---|
| **شاڵاوەکانی ئەنفال** | 108 | %32.6 | 223 | %67.3 | ٣٣١ |
| **کیمیابارانی هەڵەبجە** | 166 | %50.1 | 165 | %49.9 | 331 |
| **جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان** | 26 | %7.85 | 305 | %92.1 | ٣٣١ |
| **جینۆسایدی بارزانییەکان** | 100 | %30.2 | 231 | %69.8 | ٣٣١ |

خشـتەی (٩) ڕوونکردنـەوەی زانیاریـی نموونـەی لێکۆڵینەوەکەیـە سـەبارەت بـەو تاوانانـەی دژ بـە نەتـەوەی کـورد کـراون. پرسـیارەکە بـە شـێوەیە ئاڕاسـتەی بەشـداربووان کـراوە.

یادەوەریـی بـە گشـتیی، بـە تایبـەت سـەبارەت بـەو تاوانانـەی کـە نانەتەوەییـن و دژ بـە نەتـەوەی کـورد کـراون، بەشـێکی هـەرە گرنگـە لـە بیناکردنـی نەتـەوە و نیشتیمانسـازییدا، بـەڵام شـارەزایی قوتابییـان لـە وەڵامەکانـی ئـەو پرسیارەشـدا ڕووبـەڕووی قەیـران ئەبێتـەوە، هەرچەنـدە ڕێژەکـە بـە بـەراورد بـە پرسـیاری ژمـارە (٨)، زۆر لەسـەرەوە تـرە.

وەک لـە زانیارییەکانـی خشـتەی ژمـارە (٩)دا دەرکەوتـووە، ڕێـژەی زانیاریـی بەشـداربووان دەربارەی شـاڵاوەکانی ئەنفـال ئەگاتـە (٣٢،٦٪)، لـە بەرامبـەردا ڕێـژەی ئەوانـەی کـە زانیارییـان نییـە، هەڵئەکشـێت بـۆ (٦٧،٣٪). ئەمـە بـۆ یادەوەریـی نەتـەوە و مانـەوە و گواسـتنەوەی بـۆ نـەوەکان زۆر مەترسـیدارە. تاوانـی کیمیابارانـی هەڵەبجـەش کـە لەنـاو بەشـێکی بەرچـاوی نەتەوەکانـی دونیاشـدا زانـراوە، حکومەتـی عێـراق بـە ڕێبەرێتـی حیزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆسیالیسـت، سـەرباری هەڵەبجـەش، چەندیـن شـارۆچکە و لادێـی کـوردەواری کیمیابـاران کـردن، ڕێـژەی زانیاریـی ئەگاتـە (٥٠،١٪)، کـە ڕێژەیەکـی دڵخۆشـکەرە، بـەڵام لـە بەرامبـەردا ڕێـژەی نەبوونـی شـارەزایی و زانیاریـی دائەبەزێـت بـۆ (٤٩،٩٪)، کـە نیـوەی بەشـداربووان ئـەکات.

١٠/ ڕۆڵی قوتابخانە لە ئاشناکردنی بەشداربووان بە کولتووری نەتەوەیی:

| ڕۆڵی قوتابخانە لە ئاشناکردنی بەشداربووان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **زۆر** | 143 | %43.2 |
| **مامناوەند** | 126 | %38.1 |
| **کەم** | 39 | %11.8 |
| **هیچ** | 23 | %6.9 |
| **کۆی گشتیی** | **331** | **%100** |

خشـتەی (١٠) ڕوونکردنـەوەی هەڵوێسـتی قوتابییـان سـەبارەت بـە ڕۆڵـی قوتابخانـە لـە ئاشـنابوونیان بـە کولتـووری نەتەوەیـی:

قوتابخانـە یەکێـك لـەو ناوەندانەیـە، گریمانـەی ئـەوەی لـێ ئەکرێت کـە ڕۆڵێکـی بـاڵا ببینێـت لـە بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری نەتەوەیـی لـە نـاو قوتابییانیـدا. بـە پێـی داتاکانـی خشـتەی ژمـارە (٨) ڕێـژەی (٤٣,٢٪) قوتابییـان باوەڕییـان وایـە کـە قوتابخانـە ڕۆڵێکـی زۆری هەبـووە لـە ئاشـنابوونیان بـە کولتـووری نەتەوەیی. لـە بەرامبـەردا ئـەو بـاوەڕە دادەبەزێـت بـۆ ڕێـژەی (٣٨,١٪) لەوانـەی کـە بـە شـێوەیەکی نیوەچـڵ و مامناوەنـد پێیـان وایـە قوتابخانـە ڕۆڵـی هەبـووە لـە ئاشـنابوونییان بـە کولتـووری نەتەوەیی. بـەڵام دوای ئـەوە ئـەو ڕێژەیە بەشـێوەیەکی دراماتیکـی دادەبەزێـت بـۆ ڕێـژەی (١٨,٧٪) لەوانـەی کـە پێیـان وایـە قوتابخانـە (کـەم یـا هیـچ) ڕۆڵـی نەبـووە لـە ئاشـنابوونییان بـە کولتـووری نەتەوەیـی. ئەمـەش مانـای وایـە کـە قوتابخانـە وەک دەزگایەکـی فەرمیـی و سیسـتمێکی نیشـتیمانیی لەبـەردەم بەرپرسـیارێتی دایـە. هۆکارەکـەش دیـارە، چونکـە ڕێـژەی مـام ناوەندیـش کـە٣٨,١٪) ) جۆرێـک لـە نادڵنیایـی لـێ دەخوێندرێتـەوە. خـۆ ئەگـەر ڕێـژەی (١٨,٧٪(ی ئەوانـەش کـە پێیـان وایـە قوتابخانـە کـەم یـان هیـچ ڕۆڵـی نەبـووە لـە ئاشـنابوون بخرێتـە پاڵـی، ڕێـژەی نیـوەی قوتابییـان تێدەپەڕێنێـت.

١١/ ڕاددەی خوێندنەوەی کتێب لە لایەن بەشداربووان دەربارەی مێژووی نەتەوەیی:

| خوێندەوەی کتێب دەربارەی مێژووی نەتەوەیی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەشێوەیەکی چڕ و بەردەوام | 31 | %9.3 |
| بەشێوەی پچڕ پچڕ | 131 | %39.5 |
| هەرگیز ناخوێنمەوە | 178 | %53.8 |
| **کۆی گشتیی** | **331** | **%100** |

خشتەی (١١) ڕوونکردنەوەی ڕاددەی خوێندنەوەی کتێب دەربارەی مێژووی نەتەوە:

وەک لـە خشـتەی سـەرەوەدا دەرکەوتـووە، ڕیژەیەکـی بـەرز (٥٣,٨٪)ی بەشـداربووان هەرگیـز کتێـب لەبـارەی مێـژووی نەتەوەکەیـان ناخوێنـەوە. لـە کاتێکـدا، ئەوانەنـی کـە بەشـێوەیەکی بچـڕ پچـڕ دەخوێنـەوە، ڕێژەیـان دەگاتـە (٣٩,٥٪)، کـە هـەردوو توێژەکـە بەیەکـەوە دەگاتـە (٤٨,٨٪)، کـە مانـای وایـە نزیکـەی نیـوەی قوتابییـان کتێـب دەربـارەی مێـژووی نەتەوەکەیـان ناخوێننـەوە. لـە بەرامبـەردا، ڕیژەیەکـی زۆر کـەم (٩,٣٪) لـە لێتوێـژراوان بـە شـێوەیەکی چـڕ و بـەردەوام کتێـب لەبـارەی مێـژووی نەتەوەکەیـان دەخوێنـەوە. هەڵبـەت بـە پێـی چاودێـری خـۆم، وەکـو مامۆسـتای قۆناغـی بنەڕەتـی و سـاڵێکیش مامۆسـتای پەیمانـگا، دەتوانـم بڵێـم، ڕێـژەی خوێندنـەوە لەنـاو قوتابییـان لـە ئاسـتێکی زۆر نـزم دایـە، هۆکارەکەشـی زیاتـر بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە سیسـتمی پـەروەردە وەک پێویسـت گرنگیـی بـە کتێبخانـەکان لـە قوتابخانەکانـدا نـەداوە، بگـرە هەیەدێـک قوتابخانـە هەیـە تاکو ئێسـتا کتێبخانـەی نییـە. هەروەهـا مامۆسـتایانیش خوێندنەوەیـان نەکـردووە بـە کولتـوور لای قوتابییـان، بـە واتایەکـی تـر، زیاتـر گرنگیـی بـەو کتێبانـە دەدەن کـەوا لـە لایـەن سیسـتمی پـەروەدەوە کـراون بـە بەرنامـەی خوێنـدن.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

یەکەم/ سەبارەت بەو گریمانەی: «بەشی زۆری قوتابییان لە قوتابخانەدا، تەنها بە شێوازێکی رووکاریی بەشداری لە چالاکی هەفتانەی هەڵکردنی ئاڵا و گوتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب، بۆنە و جەژنە نیشتیمانییەکاندا ئەکەن». دوای بەجێهێنانی توێژینەوەکە، توێژەر بەو ئەنجامانە گەیشت:

بە پێی داتاکانی توێژینەوەکە، چالاکی هەڵکردنی ئاڵا و گوتنەوەی سروودی ئەی رەقیب هەفتانە لە قوتابخانەکاندا ئەکرێت. لە هەمان کاتدا، بۆنە و جەژنە نیشتیمانییەکانیش تا رادەییەکی باش لە قوتابخانەکاندا یاد ئەکرێنەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەشێکی زۆر لە قوتابییان کە رێژەیان ئەگاتە (٤٧,١٪) سەرنجیان خستۆتە سەر ئەوەی، لە کاتی بەشداریکردنیان لە چالاکی هەفتانەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا، هەستیان بە بێزاری کردووە و بە ناچارییەوە بەشدارییان کردووە، یاخود لە بنەڕەتدا نەیانزانیوە بۆ بەشداری ئەکەن، تەنانەت بۆ هەیەدێکیشیان چالاکییەکی لەم جۆرە زۆر گرنگ نەبووە، یان هەر بیریان نەماوە.

لە پاڵ ئەمەشدا، سەبارەت بە یادکردنەوەی بۆنە و جەژنە نیشتیمانییەکان،رێژەیەکی زۆر لە لێتوێژراوان هەستیان بە دڵخۆشیی کردووە، بە هۆکاری ئەوەی لەو کاتانەدا وانە نەخوێندراوە، بۆ بەشێکیشیان یادکردنەوەی بۆنە و جەژنە نیشتیمانییەکان نە گرنگ بووە، نە بەدواداچوونیشیان بۆ کردووە، بۆیە وەڵامی هچییان هەڵبژاردووە. هەموو ئەو هۆکارانە بەیەکەوە رێژەی (٥٥٪) نموونەی توێژینەوەکە پێکهێناوە.

بۆیە سەرجەمی ئەم ئاماژانە دەرخەری ئەو راستییەن، کە گرفت لە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا هەیە، لەبەرئەوەی پیرۆزی ئاڵا و گرنگیی بۆنە و جەژنە نیشتیمانییەکان بەشێوازێکی کاریگەر و روون لە لایەن مامۆستاکان و بەرنامەی خوێندنی خوێندن بۆ قوتابییان نەخراوەتە بەرباس. بۆیە قوتابییان بە جۆش و خرۆشێکی نیشتیمانپەروەرییەوە بەشداری لەم جۆرە چالاکیانەدا ناکەن، بەڵکو زیاتر بەشێوازێکی رووکاریی ئەم پرۆسەیە بەرێوە ئەچێت.

دووەم/ گریمانەی «یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازی ئینتیمای نەتەوەیی لە لایان قوتابییان، کەمی زانیارییە سەبارەت بە رووداوە مێژووییەکان و جەژنە نیشتیمانییەکان». ئەنجامەکەی ئەو خاڵانەی خوارەوە لەخۆ ئەگرێت:

لە زانیارییەکانی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، کە رێژەیەکی زۆر کەم (٩,٣٪) لە قوتابییان بەشێوەیەکی چڕ و بەردەوام خوێندنەوەیان لەبارەی مێژووی نەتەوەیی خۆیان هەیە.

هاوکات، کەمترین رێژەی بەشداربووانیش شارەزاییان سەبارەت بە جەژنە نیشتیمانییەکان و رووداوە مێژووییەکان هەیە.

بۆیە کەمیی خوێندەوە و کەمی زانیاریی دەربارەی جەژنە نیشتیمانییەکان و رووداوە مێژوویەکان، هۆکارێکە بۆ ئەوەی قوتابییان هەستی نەتەوەییان لاواز بێت. لەم ناوەندەشدا، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کەم و کووڕی لە سیستمی پەروەردەدا، چونکە وەک پێویست گرنگیی بە کتێبخانەی قوتابخانەکان نەدراوە، یان تەنانەت بەشێک لە قوتابخانەکانەکان تاکو ئێستا کتێبخانەیان نییە. لە لایەکی ترەوە، مامۆستایانی قوتابخانە

ڕۆڵێکی گاریگەرییان نەگێڕاوە لە بە کولتوورکردنی خوێندنەوە لە لایەن قوتابییان.
لە هەمانکاتدا، داتاکان پێمان دەڵێن، مامۆستاکان و بەرنامەی خوێندنی خوێندن نەیانتوانیوە ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندیدارن بە پرسە نیشتیمانییەکان بە ڕێک و پێکی بۆ قوتابییان بگوازنەوە، بۆیەشە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە قوتابییان شارەزاییان سەبارەت بە بۆنە و جەژنە نیشتیمانییەکان یان ڕوداوە مێژووییەکان نییە.

## ملخص البحث:


يسعى هذا البحث إلى تحقيق الهدف الأساس والرئيسي وهو إيجاد وإبراز دور النظام التربوي في إقليم كوردستان. وهذه الخاصية متراسخة في الطلبة من حيث الانتماء الوطني وتقويته. وحول منهجية الدراسة وجمع المعلومات، اعتمدنا الطريقة الكميّة، عن طريق توزيع استمارة الاستبيان مع العينة المستخدمة للبحث. مجتمع البحث هو جامعة سوران، كما عينة البحث مشتملة على ٣٣١ طالبا من المرحلة الأولى في جميع الأقسام العلمية في جامعة سوران. وبعد جمع المعلومات من خلال برنامج (SPSS) تم تحليل ألمعلومات والإحصائيات التي أجريناها بشكل دقيق. وفي الختام، عرضنا الاستنتاجات، ومن ضمنها، أن المدرسة كمؤسسة رسمية وجزء من النظام التعليمي، لم تلعب دورها في توفير المعلومات حول التاريخ الوطني وقيمه ومعاييره، والتي تساهم في تكوين الفرد منذ بداية دخوله المدرسة إلى أن يصل سن النضج. ومن المآخذ التي يحسب على النظام التعليمي في أقليم كوردستان؛ هو أن المشاركين في هذا الاستبيان لم يكونو على عِلم ودراية بالأعياد والأحداث القومية والتاريخية للشعب الكوردستاني. وكل ما تم ايجاده، هو مجموعة من الشعارات والرموز الشكلية. لذلك المدرسة كان لها أقل دوراً في تقوية المشاعر الوطنية والألفة وعملية بناء الدولة. وفي الختام، نود أن نشير إلى أنه إلى جانب النظام التعليمي، فإن المؤسسات الأخرى أيضا، وخاصة النظام السياسي والاجتماعي لإقليم كوردستان، مسؤولة بالتأكيد عن هذا الوضع التي يجب مراجعته ومعالجته.

الكلمات المفتاحية: التربة، النظام التربوي، الانتماء القومي.

## Abstract:


The main aim of this study is to evaluate and demonstrate the role of the education system in the Kurdistan Region. This goal is focused on the process of nation-building and strengthening national intimacy and feelings among students. Quantitative methods, questionnaire instruments and quota samples were then used to collect the data. In addition, the community of this study is Soran University and the sample consists of 331 students in the first phase of all scientific departments of Soran University. After the acquisition of the data, the data were analyzed through the (SPSS) Program. Conclusively the results are presented. One of these conclusions is that the school, as an official institution and part of the education system, has not played its proper role in

providing information about national history and its values and norms. One of these shortcomings is that many of the participants do not know about national holidays and historical events. In addition, what can be seen in the education system of the Kurdistan Region is a series of slogans and constitutions, which are more superficially worked on. Therefore, schools have played very little role in strengthening students› national feelings. In this regard, the majority of the research data proves the fact that the education system has relatively failed in the process of strengthening national feelings, intimacy and the process of nation-building. However, it is important to note that besides the education system, other institutions and even the political and social system of the Kurdistan Region are certainly responsible for this failure.

Keywords: Education, The Education System, Nationalism.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

ئەحمەد شەبانی (٢٠٢١) فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان: لە ناسیۆنالیزمی نیوە چڵەوە بەرەو گلۆباڵیزمی چاولێکەرانە. گۆڤاری زانستی مرۆیی، ژمارە (١)، ١-٣٢.

ئەنتۆنی دی سمیس (٢٠٠٤) نەتەوەخوازی- تیۆری ئایدۆلۆجی و مێژوو. و: هوشیار عەبدورەحمان سیوەیلی، چاپی یەکەم، هەولێر، ئاراس.

ئیحسان محەممەد حەسەن (٢٠١٢) تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

برۆکسن کۆهین (٢٠١٠) سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی. و: هێمن شەریف، چاپی یەکەم، سلێمانی، چوارچرا.

تاهیر حەسۆ زێباری (٢٠١٧) تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا. چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروناسانی کوردستان.

جەعفەر عەلی (٢٠١٣) ناسیۆنالیزمی کوردی. بەرگی دووەم، سلێمانی، چوارچرا.

چنار سعد عبداللە (٢٠٠٩) ڕۆڵ و کاریگەری سستمی پەروەردە لەسەر ڕەهەیەدی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردی دا. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سەڵاحەدین.

سەعید شەمس (٢٠١٩) تیۆریی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ. چاپی یەکەم، مهاباد، چاپەمەنی مانگ.

عەتا قەرەداغی (٢٠١٣) ناسیۆنالیزمی کوردی. بەرگی دووەم، سلێمانی، چوارچرا.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Elder, Sara (2009) Module 3: Sampling Methodology. International Labour Office, Geneva.

Grundmann, Matthias (2021) Education and Socialization. Greshoff, R., Hollstein, B., Schimank, W. and Weib, A. (editors). Sociologie - Sociology in the German - Speaking World. Berlin, De

Gruyter oldenbourg, 5366-.

Kumar, Renjit (2014) Research Methodology: A step – by – step guide for beginners. Fourth Edition, London, Sage.

LAMM, R. and Schaefer, R. (1998) Sociology. Six Edition, McGRAW-Hill.

Oxford English Dictinory (2023) Available at: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/nationalism Accessed: 10 May 2022.

Shala, A., Grajevci, A. (2016) Formal and Non-Formal Education in the New Era. Research Gate, 7(7), 119130-.

Smith, Anthony D. (2010) Nationalism: Theory, Ideology, History. Second Edition, United Kingdom, Policy Press.